# پێشەکی

ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی ڕوو لە زیاد بوونەو بێ‌گومان لەگەڵ ئەمەشدا پێداویستیەکانی ئادەمیزادیش لە گشت ڕوویەکەوە بە هەمان شێوە زیاد دەکات بە تایبەتی پێداویستیە خۆراکیەکان لە بەروبومەکانی ئاژەڵ و باڵندە لە گۆشتی سوورو سپی و هێلکە کە سەرچاوەیەکی سەرەکی پرۆتینن، لەبەر ئەوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە پێویستە ئاژەڵ بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی فراواندا بەخێوبکرێن و ژمارەیان زیاد بکرێت بە بەکارهێنانی ڕێگە چارەی خێراو لە ڕێی تەکنەلۆجیای نوێوە بەوەی بەرهەم هێنان بخرێتە چوارچێوەی پێشەسازیەوە هەروەك پیشەسازی پەلەوەرو پیشسازی بەخێوکردنی مانگای شیرو گۆشت و پیشەسازی بەرهەم هێنانی ماست وپەنیرو کەرە ... هتد کە بێگومان ئەمەش وا دەکات چالاکیە بازرگانیەکانی نێوان وولاتان گەشە بکات لەڕێی هۆکارە جیاجیاکانی گواستنەوەوە بەمەش ترسناکی نەخۆشییە مرۆژەڵییەکان ساڵ لە دوای ساڵ ڕوو لە زیاد بوونە بۆ سەر تەندروستی ئادەمیزاد ،بەوەی لە ڕووی تەندروستیەوە پەیوەندیکی گرنگ هەیە لە نێوان ئاژەڵ و ئادەمیزاد بە شێوەیەك ئاستی تەندروستیان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر یەکتری هەیە ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك نەخۆشی هاوبەش هەیە کە بە شێوەیەکی سروشتی لە نێوان ئاژەڵە بڕبڕەدارەکان و مرۆڤدا دەگوێزرێتەوە و پێیان دەوترێت نەخۆشییەمرۆژەڵییەکان (Zoonoses) هەروەك لەم چەند ساڵەی دواییدا لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە گوێبیستی چەند نەخۆشیەك بوین لەوانەش شێت بوونی مانگاو ئەنفلۆنزای باڵندەو ئەنفلۆنزای بەرازو ڤایرەسی کۆرۆنا کە بێگومان کاریگەری بەسەر گشت لایەنەکانی ژیانەوە بەجێهێشتووە واتە بێجگە لە ڕووی تەندرووستیەوە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیشەوە . بەپێی ئەو توێژینەوانەی ئەنجام دراون هەندێك لە نەخۆشیە مرۆژەڵییەکان لە گوندو شارەکانی کوردستانیشدا تۆمار کراون و بونیان هەیە لەوانەش تای ماڵتاو دەردەپشیلەو تای خوێن بەربون و گەڕیی و تورەکەی ئاوی کە دەبنە هۆی زیان گەیاندن بە هاولاتیانی کوردستان لە ڕووی تەندروستی و ئابووری و هۆکاریشن بۆ پیسبوونی ژینگە . لەبەرئەوە بلاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەم نەخۆشیانە بە زمانی کوردی بە کارێکی پێویست دائەنرێت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تەندروستی لە

نێو کۆمەڵی کوردەواری ، لەبەرئەوە چاپ کردنی ئەم کتێبە بە پێویست دەزانم چونکە کۆمەڵێك نەخۆشی هاوبەش لەخۆدەگرێت کە زۆر گرنگن و بە پێی توانا هەوڵم داوە بە زمانێکی ساکار نەخۆشییەکان شیکاری بکەم بۆ ئەوەی خوێنەران بە ئاسانی تێی بگەن و لە ئەنجامدا خۆیان و خێزان و وولاتەکەیان بپارێزن لە ترسناکی نەخۆشیە مرۆژەڵییەکان ،لەبەرئەوە تا تەندروستی ئاژەڵ و باڵندەکان پارێزراو نەبێت تەندروستی ئادەمیزاد پارێزراو نابێت . بە هیوام بەم کارەشمان کەلێنێکی بچوکمان لە کتێبخانەی زانستی کوردی پڕکردبێتەوە.

دکتۆر فەرەیدون عەبدولستار

سلێمانی

## پێناسەی نەخۆشییە مرۆژەڵییەکان:

**نەخۆشییە مرۆژەڵییەکان بریتین لەو نەخۆشییانەی کە بە شێوەیەکی سروشتی لە نێوان ئاژەڵە بڕبڕەدارەکان و مرۆڤدا دەگوێزرێنەوە(ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی 1959).**

**دەردەمرۆژەڵییەکان یان نەخۆشییە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لە سەرچاوە عەرەبیەکاندابە (الامراض المشترکة بین الانسان و الحیوان) ناودەبرێت و لە سەرچاوە پزیشکیەکاندا بە گشتی بە (Zoonoses) ناودەبرێت. بەو کۆمەڵە نەخۆشیانەدەوترێت کە سروشتیانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ تووشی مرۆڤ و ئاژەڵ دەبن لە ڕێگەی گواستنەوەی هۆکارە نەخۆشکەرەکان (Causative agent) لە نێوانیاندا وەکو:**

1. **زیندەوەرە ووردبینەکان (Microscopic organism) لە-بەکتریا-ڤایرۆس-کلامیدیا —ڕیکێستیا-زیندەوەرە سەرەتاییەکان-کەڕووەکان.**
2. **کرمەکان (Helminth Parasites)**
3. **جومگەدارەکان (Arthropod parasites) لە نێوان مرۆڤ وئاژەڵدا.**

**پۆلێنکردنی دەردەمرۆژەڵییەکان:**

(Classification of Zoonotic Diseases)

**دەردە مرۆژەڵییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن(ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی 1967):-**

<u>**یەکەم:بەپێی جۆری خانەخوێی هۆکاری نەخۆشیەکە دەکرێتە سێ بەشەوە:-**</u>

<u>Anthropozoonoses .1</u>

**ئەو نەخۆشیە هاوبەشانە دەگرێتەوە کە لە ئاژەڵەوە (خانەخوێ) دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ وەکو نەخۆشی تای ماڵتا (Brucellosis).**

<u>Zooanthroponoses .2</u>

**ئەو نەخۆشییە هاوبەشانە دەگرێتەوە کەلە مرۆڤەوە (خانەخوێ)دەگوێزرێتەوە بۆ ئاژەڵ وەك نەخۆشی سیل (TuberCulosis)**

نیشانەکان لەسەرو مل و کلکی ئاژەڵەکەوە دەست پێدەکات و بەرەبەرە بەبەشەکانی دیکەی لەشیدا بڵاودەبێتەوە. شوێنی تووشبوو لەسەر پێستی ئاژەڵەکە بە توندی دەست دەکات بە خوراندن و قەتماغەی دروست بوو زۆر بڵاو دەبێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێستی ئاژەڵی تووشبوو ئەستور ببێت و چرچ و لۆچی پێوە دیار بێت.

**لە مرۆڤدا:**

بە پێی سەرچاوەمان نەخۆشیی گەڕیی لەونەخۆشییانەیە کەلە ئاژەڵی تووشبووەوە دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ و نیشانەکانی لەسەر دەست وقۆڵ ومەچەك وڕان وهەندێك شوێنی دیکە دەردەکەوێت بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە ئاژەڵ بە خێو دەکەن بەوەی شوێنەکە سوردەبێتەوە و دەست دەکات بە خوراندن و خوێنی لێدێت.

**چارەسەر و کۆنترۆڵکردن:**

بەمەبەستی چارەسەرکردن وکۆنترۆڵکردنی نەخۆشی گەڕیی پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

یەکەم: لە وەرزی پاییزو زستاندا پێویستە ڕەچاوی ژمارەی ئاژەڵەکان و ڕووبەری شوێنەکانیان بکرێت واتە نابێت ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵەکان بخرێنە شوێنێکی تەسکەوە بەڵکو ژمارەکانیانبە پێی ڕووبەری شوێنەکە دابنرێت.

دووەم/ بایەخ بدرێت بە لایەنی خۆراکی ئاژەڵەکان، چونکە تا ئاستی خۆراکیان باش بێت لە ئەنجامدا ئاستی بەرگرییان لە دژی نەخۆشییەکان زیاتر دەبێت.

سێیەم/شۆردنی ئاژەڵەکان (Dipping) بە پێی بەرنامەیەکی زانستی کەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڤێترینەرییەوە ساڵانە سەرپەرشتی دەکرێت کە پێویستە خاوەن ئاژەڵەکان پەیڕەوی بکەن, چونکە دەبێتە هۆی لەناوچونی مشە خۆرە دەرەکییەکان بە شێوەیەکی گشتی ومشەخۆری نەخۆشی گەڕیی بە شێوەیەکی تایبەتی.ئەو ماددانە کە زیاتر بەکاردەهێنرێن بۆ شۆردنی ئاژەڵەکان وەکو (Coumaphos) یان (Diazinon).

**- گرێ لیمفاوییەکان قەبارەیان گەورە دەبێت و چاویان ئاو دەکات و هەندێك جار تووشی سك چوون دەبن.**

**- سورِی مانگانەی ئاژەڵەکان نارێك وپێك دەبێت وئاژەڵی ئاوس بەردەخات.**

**- سپڵ گەورە دەبێت.**

## چارەسەر ودەست نیشان کردنی نەخۆشی یەکە :

**دەست نیشان کردنی نەخۆشی یەکە بەئەنجام دەگەیەنرێت بە هۆی:**

**1.مێژووی کێشەکە (Case History)**

**2. نیشانە کلینکی یەکان.**

**3. لە رێگەی تاقیگەوە بەهۆی وەرگرتنی نمونەیەك لە خوێنی ئاژەڵی تووشبوو (Blood samples)**

## بەمەبەستی چارەسەر کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی یەکە پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت :

**1. قەلاچۆکردنی مێش ومەگەز بەبەردەوامی بە تایبەتی مێشی تسی تسی.**

**2. بەرزکردنەوەی ئاستی بەخێوکردن و بەرێوەبەردنی ئاژەڵ لە گوندەکان و کێڵگەکاندا بە پێدانی ئالفی هاوسەنگ لە ماددەی خۆراکی یە بنەرِەتی یەکان بەمەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی بەرگری لەشیان لە دژی نەخۆشی یەکان.**

**3. بەکارهێنانی هەندێك دەرمان وەکو:**

-Diminazene acetete

- Trypamidium

- Suramin ( Naganol)

## ئەو سەرچاوانەی سودیان لاوەرگیراوە :

نەخۆشییە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ (Zoonoses) ساڵ لە دوای ساڵ ڕوو لە زیادبونن بەوەی زیانی تەندروستی و ئابوری و کۆمەلایەتی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەیەنێت بەوەی ماوە لە دوای ماوە دەبیبستین و دەیبینین لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە کە نەخۆشیەك بەهۆی ڤایرۆسێك یان بەکتریایەك لە ناوچەیەك لە ناوچەکانی جیهان بڵاوبۆتەوەو ترسێکی زۆری لەلای خەڵکی دروست کردووەو لەدواییدا دەردەدەوێت کە سەرچاوەی نەخۆشییەکە لەیەکێك لە جۆرەکانی ئاژەڵ و باڵندەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئادەمیزاد وەکو ڤایرەسی کۆڕۆنا لە وڵاتی سعودیەی عەرەبی کە لە حوشترەوە دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ و ڤایرۆسی ئیبۆلا لە وڵاتانی ئەفریقیا کە لە مەیمونەوە دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ و هەروەها لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانیش چەندەها نەخۆشی وەکو تای ماڵتاو تورەکەی ئاوی و گەڕیی لە ئاژەڵەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ ، ئەمەش \اەو راستەی دەسەلمێنێت کە تەنها یەك تەندروستی لە جیهاندا هەیە ئەویش تەندروستی مرۆڤ و ئاژەڵ و خۆراك دەگرێتەوە ، لەبەر ئەوە پێویستە پزیشکانی ئادەمیزاد و پزیشکانی ڤێترنەری هاوکاری یەکتربن بە ئەنجامدانی کاری هاوبەش لە چوارچێوەی توێژینەوەی پێویست سەبارەت بە نەخۆشییە هاوبەشەکان لە کوردستان و جیهان .

## نەخۆشی ئیبۆلا : Ebola Virus Disease

نەخۆشی ئیبۆلا نەخۆشییەکی ڤایرەسی کوشندەیە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڤایرەسێك کە پێی دەوترێت Ebola Virus کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1976 دۆزرایەوە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی لەناکاوی لەهەردوو وڵاتی سودان و کۆماری کۆنگۆی دیموکرات ، وە زیاتر نەخۆشییەکە لە کۆنگۆی دیموکرات لە دەوروبەری رووباری ئیبۆلا دەستنیشانکراو هەر لەبەر ئەمەش ناونرا نەخۆشی ئیبۆلا .

بەپێی سەرچاوەکان نەخۆشی ئیبۆلا زیاتر لەو وڵاتانەدا تەشەنە دەکات کە دارودارستانێکی چڕوپڕیان هەیە وەکو لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیاو ئەو ئاژەڵانەی کە

لەو دارستانانەدا دەژین وەکو مەیمون و گۆریلاو شامپانزی و ژیژك توشی نەخۆشییەکە دەبن و هەروەها دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ و لە ئەنجامدا خەڵکی ئەو وڵاتانەش زۆر بە توندی توش دەبن . نەخۆشی ئیبۆلا لە سەرچاوە زانستیەکاندا پێی دەوترێت (Ebola Haemorrhagic Fever)) کە هۆکارێکی سەرەکی خوێن بەربونە لە لەشداو دەبێتە هۆی لەناوچونی توشبووەکان و هەندێك جار ڕادەی لەناوچوون دەگاتە 90٪ .

لە سەرەتای ساڵی 2014 نەخۆشی ئیبۆلا جارێکی دیکە لە وڵاتی کینیا بەشێوەیەکی بەربلاو سەری هەڵداو لە مرۆڤدا دەستنیشانکراو لەلایەن میدیاکانی جیهانەوە زۆر بایەخی پێدراو نەخۆشییەکە بەرەبەرە زۆر لە وڵاتانی دیکەی ئەفریقیای گرتەوەو زیانێکی گەورەی پێگەیاندن .

- **هۆکاری نەخۆشی ئیبۆلا و چۆنیەتی گواستنەوەی :**

هۆکاری نەخۆشی ئیبۆلا دەگەڕێتەوە بۆ ڤایرەسێك کە سەر بە خێزانی (Filoviridae) کە پێی دەوترێت (Ebola Virus) و پێنج جۆری هەیە :

1. Zaire Ebola Virus.
2. Sudan Ebola Virus.
3. Taiforest Ebola Virus.
4. Bundibugyo Ebola Virus.
5. Reston Ebola Virus.

زۆربەی جۆرەکانی ڤایرەسی ئیبۆلا لە وڵاتانی ئەفریقیادا بونیان هەیە ، بەڵام جۆری (Reston Virus) لەو جۆرە مەیمونانە دۆزراوەتەوە کە لە وڵاتی فلیپینەوە دەنێرێت بۆ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیتاڵیا .

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان خانەخوێ و کۆگای سەرەکی ڤایرەسەکە بریتیە لە شەمشەمەکوێرەی میوە(Fruit Bats)ی نێو دارستانەکانی ئەو وڵاتانەدا کە راستەوخۆ ڤایرەسی نەخۆشییەکە دەگوێزنەوە بۆ ئادەمیزادو هەروەها مەیمون و گۆرێلا .

ڤایرەسی ئیبۆلا لە مرۆڤێکی توشبووە دەگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی ساغ لەڕێگەی گواستنەوەی خوێن و شانەکانی ئاژەڵ و مرۆڤی توشبووەو هەروەها بەکارهێنانی گۆشتی ئاژەڵی توشبوو .

ڤایرەسی ئیبۆلا لەلەشی کەسی توشبودا بەشێوەیەکی سەرەکی هێرش دەکاتە سەرخانەکانی توێی ناوەوەی مولولە خوێنەکان (Endothelialcells) و خانەکانی بەرگری (Mononuclear Phagocyte) و خانەکانی جگەر (Hepatocyte) و لەدوای پرۆسەی توشبوون خانەکان ماددەیەك بەرهەم دێنن کە پێی دەوترێت گلایکۆ پرۆتین (Ebola Virus glycoprotein) و لە ئەنجامدا ڤایرەسەکان دابەش دەبن و ژمارەیان زیاد دەکات .

ماددەی گلایکۆپرۆتین هاوکارییەکی باشی ڤایرەسەکە دەکات بۆ ئەوەی بە خانەکانی توێی ناوەوەی مولولە خوێنەکانەوە بلکێت و دەبێتە هۆی تێکشکاندنیان و هەروەها بەهۆی ئەم مادەیەشەوە ڤایرەسەکە دەبێتە هۆی پەکخستنی خانە تایبەتەکانی بەرگری لەش وەکو (Neutrophil) و لە ئەنجامدا دابەزینی ئاستی بەرگری لەشی توشبووە.

ڤایرەسی ئیبۆلا دەرکەوتووە لەڕێگەی خڕۆکە سپییەکانی خوێنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەندامەکانی دیکەی لەشی توشبوو و بۆ جگەرو سییەکان و سپڵ و گرێ لیمفاوییەکان .

نیشانەکان /

بەپێی سەرچاوەکان لەدوای ( 2 – 21 ) رۆژ لە توشبوون بە ڤایرەسی نەخۆشییەکە نیشانەکانی دەردەکەوێت و زیاتر نیشانەکان گشتین و تایبەتمەندنین بە نەخۆشییەکە کە ئەمەش وادەکات دەستنیشانکردنی ئاسان نەبێت و لەو نیشانانەش کە دەردەکەوێت بریتیە لە تاو بێهێزییەکی زۆرو ئازارێکی توند لە ماسولکەکان و سەرئێشەو قورگ ئێشەو ڕشانەوەو سك چوون و پەککەوتنی جگەرو گورچیلەکان و هەروەها لە کۆتایشدا دەبێتە هۆی خوێن لەناوەوەو دەرەوەی لەشی توشبوو .

- چارەسەرو خۆپاراستن لە نەخۆشیەکە :

هەتاکو ئێستا هیچ جۆرە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ نەخۆشی ئیبۆلا لەلایەن ناوەندە پزیشکیەکانەوە نەدۆزراوەتەوە ، لەبەرئەوە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت بە مەبەستی خۆپاراستن لە نەخۆشیەکە : -

1. بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێت هیچ جۆرە ئاژەڵێك لەو وڵاتە ئەفریقیانەوە بهێنرێنە کوردستان و گەشتکردنیش بۆ ئەو وڵاتانە قەدەغە بکرێت .
2. لەو وڵاتانەدا پێویستە جوڵەی ئەو جۆرە ئاژەڵانەی وەکو شامپانزی و مەیمون و گۆریلا سنوردار بکرێت و تێکەڵ بە هاوڵاتیان نەبن و بە ڤاکسین نەخۆشیەکە بکوترێن .
3. بەکارهێنانی دەستکێش و جل و بەرگی تایبەت لە کاتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئاژەڵە جۆر بە جۆرەکاندا .
4. خاوەن ئاژەڵەکان لە شارو گوندەکاندا پێویستە بە بەردەوامی سەردانی پزیشکانی ڤێترنەری بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێنماییەکان .
5. هەماهەنگی و هاوکاریکردن لەنێوان پزیشکانی ئادەمیزادو پزیشکانی ڤێترنەری زیاتر بکرێت بەکارکردن لەسەر بەدواداچوون و تۆمارکردن و دەستنیشانکردنی نەخۆشییە هاوبەشەکان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان .

**ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە : -**


1. Medical Notes : What is Ebola Virus Disease . (2014)
2. WHO : Ebola Virus Disease . (2014)


## خۆپاراستن لە نەخۆشییە مرۆژەڵییەکان:

لە دێر زەمانەوە گوتراوە (خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن) لە ڕاستیشدا خۆپاراستن وخۆپارێزی لە دەردو نەخۆشی یەکان و هەروەها لەزۆر تەنگ و چەڵەمەی دیکەی ژیان بە شێوەیەکی گشتی باشترین ڕێگە چارەیە بۆ ڕوونەدان و کۆنترۆڵ کردن.

نەخۆشی یە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤ وئاژەڵ (Zoonoses) بەو نەخۆشییانە دەوترێت کەلە ئاژەڵ و باڵندەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (بەهۆی هۆکارێکی دیکەوە) دەگوێزرێتەوە بۆ ئادەمیزاد و لە ئەنجامدا تەندروستی مرۆڤ دەخاتە مەترسی یەکی گەورەوە هەندێك جارچارەسەرکردنیان مسۆگەر نییە و چارەنوسی نەخۆشەکان دیار نی یە . بە پێی زانیاری یەکانی ڕێکخراوی(WHO) ژمارەی نەخۆشی یە هاوبەشەکان گەیشتۆتە (850) نەخۆشی جۆراو جۆرو ساڵ بە ساڵیش لەزیادبوندان بە شێوەیەك لەم دە ساڵەی دواییدا (70٪) ی ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی ئادەمیزاد دەبون زیاتر ئەو نەخۆشیانەن کەلە ئاژەڵ وباڵندەوە دەگوێزرێتەوەو ترسناکیانبۆ سەر تەندروستی مرۆڤ زۆر زیاترە لەوانەی کە تایبەتن تەنها بە مرۆڤ لەوانەش نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندەو ئەنفلۆنزای بەراز کە بەهۆی گۆڕانێکی بەردەوام وبنەڕەتی لە پێکهاتەی ڤایرەسی نەخۆشی یەکە هەڕەشەی نەمان لە مرۆڤایەتی دەکات. ئاژەڵ وباڵندە بەخێوکردن لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە مێژوویەکی دێرینی هەیەو لەلایەن گوندنیشینانەوە بە پیشەیەکی سەرەکیان دادەنرێت چونکە بژێوی ژیانیان لەسەر بەندە و لە ئەنجامدا خەڵکێکی وا هەن کە خاوەن ئاژەڵێکی زۆرن وشارەزایی باشیان پەیداکردووە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن وبەخێوکردنیان ولەم ساڵانەی دوایی دا لە شارەکانی کوردستان تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕاگرتن وبەخێوکردنی سەگ وپشیلەو توتی وقەل ومریشك ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبونن واتە هۆشیاری بەخێوکردن و بەڕێوەبردنی ئاژەڵەکان بە شێوەیەکی سەردەمیانەلە نێو هاوڵاتیاندا زیادی کردووە ولەگەڵ ئاژەڵ و باڵندەکانیان سەردانی نەخۆشخانەو کلینیکە ڤێترینەری یەکان دەکەن بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێویست سەبارەت بە چۆنیەتی خۆپاراستنیان لە نەخۆشی یەکان, سەرەڕای ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ, لەڕووی تەندروستیشەوە

پەیوەندیانڕوولە زیاد بوونە بە شێوەیەك ئاستی تەندروستی ئاژەڵ کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاستی تەندروستی ئادەمیزاد, لەبەرئەوە هۆشیاری پزیشکی ڤێترینەری بووەتە پێویستییەك لە پێویستی یەکانی سەردەم چونکە تا تەندروستی ئاژەڵ وباڵندەکان پارێزراو نەبێت تەندروستی مرۆڤ پارێزراو نابێت.پڕۆسەی خۆپاراستن لە نەخۆشی یە هاوبەشەکان لەلایەکەوە پەیوەندی بە هاوڵاتیانەوە هەیەو لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بەدام و دەزگاکانی حکومەتیهەرێمی کوردستانەوە هەیە, لەبەرئەوە پێویستە بەمەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆپاراستن لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

**یەکەم**⁄ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پزیشکی ڤێترینەری (هۆشیاری خۆپاراستن لە نەخۆشییە هاوبەشەکان) وەك پڕۆژەیەکی بەردەوامسەیری بکرێت و بەبەردەوامی لە کەناڵە جیاجیاکاندا بایەخی پێبدرێت.

**دووەم**⁄ دامەزراندنی بەشێك یان مەڵبەندێك لە وەزارەتی تەندروستی بەناوی (نەخۆشییە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤ وئاژەڵ) بەمەبەستی بەدواداچوون ودیاری کردنی ژمارەی ئەو نەخۆشییانەی کەلە کوردستاندا بونیان هەیەو ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی دەربارەیان.

**سێیەم**⁄ لە وەزارەتی پەروەردە بابەتی نەخۆشییە مرۆژەڵییەکان بخرێتە مەنهەجی خوێندنەوە لەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندن بەمەبستی ئاشنابوونی خوێندکاران هەرلە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە بە زانیاری پێویست ودروست.

**سەرچاوە:**

د. فەرەیدون عبدالستار,هۆشیاری پزیشکی ڤێترینەری ورەفتاری پیشەیی, سلێمانی,چاپی یەکەم, 2012.